وەزارەتی ناوخۆ

ژمارە: ٩٣٠٠ لە ٢٠١٧/٦/١

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧

## ڕێنمایی تۆمارکردنی ئوتومبێلی تۆمارنەکراو

پاڵپشت بەو دەسەڵاتانەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و یاسای ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ تایبەت بە کارپێکردنی یاسایی فیدرالی هاتووچۆی عێراقی ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ و بە مەبەستی نەهێشتنی دیاردەی ئۆتۆمبێلی تۆمارنەکراو وە بۆ پاراستنی باری ئەمنی هەرێمی کوردستان و ڕێگاگرتن لە خۆدزینەوە لە ڕێنمایی و سزاکانی هاتووچۆ ، بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ماددەی (١):-**

سەرجەم ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە خوارەوە دیاری کراون لە تۆماری هەمیشەیی بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی هەرێم تۆمار دەکرێن بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ئۆتۆمبێلی هەڵگری تابلۆی بیانی بە هەموو جۆرەکانی کە تا ٢٠١٧/٥/١ هێنراونەتە ناو هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی یاسایی لە دەروازە سنوورییەکان .

٢- ئۆتۆمبێلی هەڵگری تابلۆی کاتی (فحص مؤقت) پارێزگاکانی تری عێراق بە مەرجێك لە هیچ پارێزگایەکی عێراق بە ژمارەی هەمیشەیی تومارنەکرا بێت و ئەوانەی تۆمارکرا بن بە پێی بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

٣- ئۆتۆمبێلی هاوردەکراوی هەڵگری تابلۆی (ژمارەی کاتی) هەرێم کە بە شێوەیەکی یاسایی لە دەروازە سنورییەکان هێنراون و تۆمارنەکراون تا بەرواری ٢٠١٦/٣/١ بە مەرجێك فروشراو بن لە لایەن کومپانیاکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل.

٤- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە کاتی پرۆسەی ئازادی عێراق هێنراون بۆ هەرێمی کوردستان و بە پێی بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٣ تۆمارنەکراون کە مۆدێلیان لە (٢٠٠٠) بەرەو سەرەوەیە.

٥- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە دەروازە سنوورییەکانی عێراق هاوردەکراون و لە هەرێمی کوردستان تۆمارنەکراون.

**ماددەی (٢):-**

١- تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل هەموو جۆرەکانی (تایبەت ، کرێ ، بارهەڵگر ، کشتوکاڵی ، بیناسازی و پیشەسازی) دەگرێتەوە.

٢- نابێت ئەو ئۆتۆمبێلانە لە هیچ پارێزگایەکی تری عێراق و هەرێم تۆمارکرا بن و نابێت هیچ سکاڵایەکی یاسایی لەسەر بێت.

ماددەی (٣):-

مەرجەکانی تۆمارکردن:

ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە ماددەی یەکەم ئاماژەیان پێدراوە بەم مەرجانەی خوارەوە تۆمار دەکرێن:

١- پێشکەشکردنی داواکارییەك لە لایەن خاوەن یان (حائز)ی ئۆتۆمبێلەکە بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆیەی کە دەیەوێت ئۆتۆمبێلەکەی لێ تۆمار بکات.

٢- پڕکردنەوەی بەڵێننامەیەك لە بەردەم فەرمانگەی یاسایی بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ کە دەیەوێت ئەو ئۆتۆمبێلەی لێ بە ناوی خۆی تۆماری بکات هیچ کێشەی لەسەر نیە بە پێچەوانەوە ئۆتۆمبێلەکەی ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ بکات و بە پێچەوانەوە بەرامبەر یاسا بەرپرسیار دەبێت.

٣- پێدانی ڕەسمی تایبەت بە تۆمارکردنی ئەم ئۆتۆمبێلانە کە لە خشتەی (١)ی پاشکۆی ئەم ڕێنماییە دیاری کراون.

٤- أ. بڕە پارەیەك وەردەگیرێت وەك سزای دواکەوتن بەو شێوەیەی کە لە خشتەی پاشکۆی ژمارە (٢) هاتووە.

ب. ئەو بڕە پارانەی کە لە خشتەی پاشکۆی ژمارە (٢) دیارکراون جێگای گشت ئەو سزایانەی دواکەوتن دەگرێتەوە کە لە بەڕێوەبەرییەتەکانی هاتووچۆ لەسەر ئۆتۆمبێلەکەی تۆمار کراون.

ج. خشتەی ژمارە (٢) لەسەر ئەو ئۆتۆمبێلانە جێ بە جێ ناکرێت کە هەڵگری تابلوی بیانین و بە شێوەیەکی فەرمی لە خاڵە سنوورییەکان هێنراون ، ئەو ئۆتۆمبێلانە پێویستە گشت ئەو سزایانەی لەسەریان تۆمارکراوە بدەن.

ماددەی (٤):-

دەبێت بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری تۆمارکردن سەبارەت بەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە ماددەی (یەکەم) بڕگەی (١) دیاری کراون ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گومرك بکرێن بە مەبەستی دانی باجی گومرك بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەگەر نەدرا بێت.

ماددەی (٥):-

١- تۆمار کردنی ئۆتۆمبێل بە شێوەی هەمیشەیی ڕێگر نابێت لە بەردەم هەر داوایەکی یاسایی بە خاوەنداریەتی ئەو ئۆتۆمبێلە.

٢- ئەگەر خاوەنداریەتی ئۆتۆمبێل لە لایەن کەسێکی تر سەلمێندرا ئەوا تۆمارەکە بە ناوی کەسی یەکەم هەڵدەوەشێتەوە بە پێی بڕیاری کۆتایی دادگا.

ماددەی (٦):-

١- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هەڵگری تابلۆی کاتی پارێزگاکانی تری عێراقن دەبێت باجی هەرێمیان هەبێت ئەگەر خاوەنەکەی یان حائزەکەی ئاوارە بێت لە هەرێمی کوردستان بە پشتگیری ئیدارەی ئەو پارێزگایەی لێی تۆمارکراوە وەك ئاوارە و دەبێت ئۆتۆمبێلەکە لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی ئەو پارێزگایە تۆمار بکات.

٢- ئەم ماددەیە شان بە شانی ڕێنمایی ژمارە (١٥/د) لە ٢٠١٥/٥/١٨ تایبەت بە گواستنەوەی خاوەندارێتی ئۆتۆمبێل و پێدانی مۆڵەتی شوفێری بە هاوولاتیانی پارێزگەکانی عێراق جێ بە جێ دەکرێت.

ماددەی (٧):-

ئەو رەسم و سزایانەی کە لە خشتەی ژمارە (١و٢)ی پاشکۆی ئەم ڕێنماییە هاتوون بە هەماهەنگی نێوان هەر دوو وەزارەتی ناوخۆ و دارایی و ئابووری دیارکراون.

ماددەی (٨):-

١- ئەم ڕێنماییە بۆ ماوەی (١٢٠) ڕۆژ کاری پێ دەکرێت لە دوای بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان و دەبێت لەو ماوەیە گشت ئەو ئۆتۆمبێلانەی ئەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە تۆمار بکرێن.

٢- دوای تێپەربوونی ئەم ماوەیە ئەو ئۆتۆمبێلانەی تۆمار نەکراون دەستیان بەسەردا دەگیرێت و ماوەی (٣٠) سی رۆژ دەدرێت بە خاوەن یان (حائزی) ئۆتۆمبێلی دەست بەسەرداگیراو بە مەبەستی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلەکە.

٣- بۆ هەر رۆژێك دواکەوتن لە ماوەی دەست بەسەردا گرتنی ئۆتۆمبێلەکە بڕی (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار وەك سزای دواکەوتن وەردەگیرێت.

٤- دوای تێپەربوونی ماوەی دیارکراو لە برگەی (٢)ی ئەم ماددەیە ئۆتۆمبێلە دەست بەسەرداگیراوەکە بە پێی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ هۆیەکانی گواستنەوەی دەست بەسەرداگیراو و جێهێڵدراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

ماددەی (٩):-

ڕێژەی (٨٠٪) لە کۆی داهاتی رەسم و سزاکانی ئەم ڕێنماییە دەخرێتە سەر حسابی وەزارەتی دارایی و ئابووری و ڕێژەی (٢٠٪) لە کۆی ئەم داهاتە دەخرێتە سەر حسابی پەرەپێدانی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگاکان و بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ خەرج دەکرێت بە مەبەستی پەرەپێدانی هاتووچۆ.

ماددەی (١٠):-

ئەم ڕێنماییە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ